www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9-8-2007 1:13

**لەزیندانەوە بۆ خەم؟! ... مەحەمەد سیاسی ئەشکەنەیی**



سەدو حەفتاو پێنج رۆژە قەڵەمم نەخستۆتە سەر کاغەز تاکو تەعبیر لە ئازادی و مەوداکانی ئازادی مرۆڤ بکەم، لەکاتێکدا خۆم لە دەرەوەی زیندان و پێش زیندانی بوونم دەمویست بە نوسینەکانم بەشی لە ئازادی دروست بکەم بۆ ئەوانەی کە لەمانای ئازادی و ژیان ناگەن و نازانن ئازادی زیاتر لە هەموو شتی پێویستترە بۆ مرۆڤ، بەڵام چیبکەم کە چارەنووسی منیش بەرەو دیلی رۆیشت و خۆشم و قەڵەمم و کۆمبیوتەرو کامیراو ریکۆردەرم سەدو حەفتاو پێنج رۆژ زیندانی کراین گەرچی هەربەوەشەوە نەوەستان من و قەڵەم لێك جیاکراینەوە من و قەڵم بە جیاکراوەیی لە شارێك و کامیراو ریکۆردەرو کۆمیوتەریش بە جیا لە شارێکی تر، چاوەڕێی بەربوونی منیان دەکرد تاکو بچم بە هانایانەوە لەو دیلیەو لەو نەهامەتیە رزگاریان بکەم، ئای ئازادی گەر ئەتزانی زیندان چۆنە نەئەوەستای نە شەوو نە رۆژ هەوڵی وێرانکردنیانت ئەدا، چونکە زیندان و زیندانیەکان لە چاوەڕێدان نە شەوو خەویان لی دەکەوی و نەرۆژیش ئیستراحەت دەکەن، ئەوان هەمیشە دڵ بە خەم و تامەزرۆن بۆ ئازادبوون، هەیانە پەشیمانە لە هەڵەکانی و پەشیمانە لە برادەرانی دەرەوەو دۆست و خزمانی، چونکە بەشێك لەوان نەهاتن بە هانایانەوە، ئای ئازادی چەند خۆشەویستی بۆ زیندانیەك وەك هەورو شتە پیرۆزوو موقەدەسەکان، بەڵام دوای ئازاد بوونی زیندانیەك لە زیندان دیسان خەم دی!، خەمی ئازادییەکی تر!، خەمی ئەو رۆژانەی بە فیرۆ چوون!، خەمی زیندان و زیندانی کردنی خاوەن قەڵەمەکان، خەمی دووری تۆو هەموو تۆیەکانی ئەم سەردەمە جەنجاڵە، کە ژیان بەشێکە لە خەم و نەهامەتی و سەرگەردانی، ژیان لەم وولاتە لە ژیان ناچی، چونکە مرۆڤ بی قەیدوو شەرت لەگەڵ مرۆڤ لە بەربەرەکانێدان، ئەوەتا نەوە دوای نەوە رقە نەگریسەکانیان لەیەك هەڵئەسوون ئەبی رۆژی بی زیندان و خەم لە مرۆڤی کوردی لەیەك جیا ببنەوە کلیلی خۆشی و سۆزو ئەوین بچنە جێگەی، کە ئەمەش زۆر مەحاڵە چونکە زیندان بەرۆکی مرۆڤی کوردی گرتووە خەمیش لە ناخیدا پەنگ ئەخواتەوە، ئەڵی نەکو قەڵەمێکی تر زیندانی بکری، قەڵەمێکی تر لە ژووری تاکەکەسیدا بەند بکری و بە چاوەڕێکردنەوەی ئازادبوونەوە خەو بیباتەوە، ئەگەرچی نەبشمری و نە خەونەکانی بهێنە دی، ئای زیندان گەر ئەتزانی مرۆڤ بوونێکی هەیە مرۆڤ چەند پیرۆزە و چەند ئازیزە، هەرگیزاو هەرگیز بڕیاڕی زیندانی کردنی مرۆڤت نەئەدا، تەنانەت تفت لەو قفڵ و کێلۆنانە دەکرد کە دەرگای ئازادی لە مرۆڤ دائەخەن، چونکە کاتی دەرگاکان داخران ئازادیەکان زەوت کران، ئیتر هەموومان ئەبی بڵێن ئازادی ماڵئاوا، سەلاموعەلەیکوم زیندان، چونکە بەشی مرۆڤی کورد هەر زیندانەو هەر دیلیە ئیتر کوردیش لەو ئاستەدا ئەبی تاکو ئەوە ئازادیەکەی بی!!.

(ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و نێودەوڵەتی)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.